" وەرگێڕ: مەبەست لەم وەرگێڕانانە، هەم ئاگا کردنەوەی خوێنەری کوردە لە بیر و بۆچونە جیاوازەکانی خەلکانی وڵاتانیتر و هەم دیتنی پشتی ڕوداوەکانە و وەرگێڕانی هەر مەقالە یا مەتلەبێک، ئیلزامەن بە مانای دروست یا غەلەت، قەبوڵ یا ڕەدی بیر و بۆچونی ئەو نوسەرانە نیە! ئەگەر کەم و کوری و ئیشکالاتێکیش لە تەرجومەکەدا دەبینرێت یا بم بورن، یا تکایە لەو هەڵانە ئاگادارم کەنەوە! سپاس" rahmayub@yahoo.de

# کێ لە ڕوداوی هەلەبجەدا تاوانبارە؟

پێشەکی وەرگێڕی ئالمانی:

لە بەر ئەوەی کە وەحشیگەریەکانی سەدام دیکتاتۆری لە گۆڕ نراوی عێراق ئیسبات بکەن و شەڕ دژی عێراق ڕەسمیەت پێ بەن و دواجار هێرش بکەنە سەر عێراق، هەمو جارێک دوبارەیان دەکردەوە کە دیکتاتۆڕی عێراق هەزاران کوردی بە بۆمبی شیمیایی لە ناو بردووە. ئەو دیکتاتۆڕە هەڵواسرا بە بی ئەوەی کە هەمو مەرحەلەکانی ئەو دادگاییانە لە سەر ئەو جینایەتانەی کە ئەنجامی داون کۆتایی پێ بێت. تا ئێستا هیچ حوکمێکی ئێعدامی سیاسی لەم نوعە بەو شێوە بە پەلە ئیجرا نەکراوە. بەڵام سەدام بە کام تاوان لە داڕ درا؟ هەمو حوکمەکەی ئەوە بو کە ئەو دوای ئەو سوئی قەسدەی کە لە ساڵی 1982 بە مەبەستی کوشتنی سەدام لە شاری دوجێل کرا، 142 پیاوی شیعەی بە مەبەستی تۆڵە سەندنەوە لە دادگاییکدا بە دەستوری شەخسی خۆی بە مەرگ مەحکوم کەردبو. لە کتوپڕ لە سەر باسی جینایەتی جەنگی سەدام کە بە بۆمبای شیمیایی دژی خەڵکی مەدەنی بە کاری هێنابێت هیچ باسێک نەکرا و ئەمەش ئیتیفاقی نەبو!

پرۆفیسۆر شتێفن س. پێلێتیرە، پرۆفیسۆر لە مەدرەسەی عالی شەڕ لە ئەرتەشی ئەمەریکا، مەقالەیێکی لە ڕۆژنامەی *New York Times* نوسیوە و لە 31.01.2003 بڵاو کراوەتەوە کە ئەو لەو مەتڵەبەی خۆیدا، هێرشی شیمیای سەدام بۆ سەر خەلکی مەدەنی بە تەبلیغات دەزانێت.

هێرشی نیزامی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق تا ئێستا 650000 قوربانی مەدەنی لێکەوتۆتەوە، بە میلیونەها کەس کە بە بۆنەی بە کار هێنانی ئۆرانیۆمی جەنگی بونەتە قوربانی تەشەعشوعاتی رادیوئاکتیو، تا ئێستا هیچ باسێکیان لێ ناکردرێت. بە پێچەوانەوە سیاسەتمەدارە ڕۆژئاواییەکان بەس لەوە تورە بون کە سەدام 142 شیعەی عێراقی کوشتووە و لە بەر ئەوە بە ڕەسمی هەڵیانواسی و ئەمە ئەو کایە بێتامە بو کە کردیان!

# جینایەتی جەنگی یا خۆ مەعامەلەی جەنگی؟

The New York Times - 31. Januar 2003

نوسەر: پرۆفیسۆر شتێفن س. پێلێتیرە

وەرگێڕ لە ئالمانیەوە: ئەیوب ڕەحمانی

کوردەکانی شاری هەڵەبجە بە گازێک کە لە سیانید Cyanid دروست کرابو کوژران. ئەو گازەی کە مەعمولەن لە لایەن ئێرانەوە بەکار دەهات. لە بەر ئەوە کە جۆرج بوشی کوڕ بەهانەی بۆ شەڕ لە گەڵ عێراق پێویست بو، سەدامی کرد بە تاوانباری ئەسڵی ئەم کۆمەڵ کوژیە.

ئەبەدەن جێگای سەرسوڕمان نەبو کاتێک کە هیچ جۆرە مەدارکێک کە ئیسباتی بکات رژیمی عێراق چەکی کۆمەڵ کوژی هەیە، لە لایەن جۆرج بوشەوە پێشکەش نەکرا. لە سوخەنرانیە ساڵانەکەی دا سەرۆکی ئەمەریکا کە ڕو لە خەڵکی وڵاتەکەی خۆی کردی، زۆرتر تەئکیدی لە سەر بەشە ئەخلاقیەکەی هێرشی نیزامی بۆ سەر عێراق کرد و وتی:



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

دیکتاتۆری عێراق کە ترسناکترین چەکی کۆمەل کوژی دەست کەوتوە، ئەو چەکەی بە دژی خەڵکی مەدەنی و دێهاتەکان بە کار هێناوە و هەزاران نەفەری، فەلەج، کوێر و یا کوشتوە.
ئەو ئیتیهامەی کە رژیمی عێراق چەکی شیمیایی دژی خەڵکی عێراق بە کار هێنابێت، ناسراوە. یەکێک لەو مەدرەکانەی کە لەم سالانەی ئەخیردا دایمەن باسی لێدەکەن، بۆردومانی ژاراوی شاری کورد نشێنی هەڵەبجەیە کە لە مانگی مارسی 1988 لە ماوەێکی کورت پێش کۆتایی هاتنی شەڕی 8 ساڵەی ئێران/عێراق رویدا و زیاتر لە 5000 ئینسان هەر لەوێ دەسبەجێ گیانیان لە دەست دا. جۆرج بوش ئەو کات وتی: "رژیمی عێراق خەلکی مەدەنی خۆی ژاراوی دەکات" مەبەستی ئەو بۆردومانی شیمیایی شاری هەلەبجە بو و هەر ئەمەی کردە بەهانەی هێرشی نیزامی بۆ سەر خاکی عێراق بۆ روخانی حکومەتی بەعس.

تەنها شتێک کە سەلمێنراوە و دیارە ئەوەیە کە، کوردەکەن لەم رۆژەدا لە هەڵەبجە بە بۆمبای شیمیایی بۆردومان کران. بەلام ئێمە قەت بە ئیتمینانەوە ناتوانین بلەین کە ئەوە چەکە کۆمەڵ کوژیەکانی عێراق بون کە لەوێ بە کار هێنرا. ئەم ئیدیعایە تەنها شت نەبو کە لە روداوی هەڵەبجەدا بە پێچەوانە نیشانی رای گشتی جیهان درا.

من وەک تەحلیلگەرێکی باڵای سیاسی سازمانی سیای ئەمەریکا، کە مەسئوڵی تەحلیلکردنی عێراق لە کاتی شەڕی ئێران و عێڕاقدا بوم و هەروەها وەک پرۆفیسۆر لە مەدرەسەی عالی شەڕ لە ئەرتەشی ئەمەریکا لە بەینی ساڵەکانی 1988 بۆ 2003[1]، لە سەر مەوزوعەکان و ئیتیفاقەکان بە دەقیقی ئاگادارم. من دەست رەسیم بە زۆربەی دۆکومێنتە سرِییەکان، کە لە واشنگتۆن لە سەر خەلیج کۆکرابونەوە هەبو. لەو کاتانەدا وەزیفەێکم پێ سپێردرابو کەمن ئەو راپۆرتەی کە ئەرتەشی ئەمەریکا لە ساڵی 1991 لە سەر عێراق دابوی، تەحلیل بکەم، کە عێراق چۆن لە شەڕی ئەمەریکا دەتوانێت لە خۆی بەرگری بکات و خۆی دەپارێزێت. بەشێکی زۆر سرِی ئەو راپۆرتە بە فراوانی لە سەر رسواییەکەی هەڵەبجە بو.

لە سەر مسموم کرانەکەی شاری هەڵەبجە ئێمە هەر ئەوەندە دەزانین کە لە شەرِەکەی بەینی ئێران و عێراق گازی شیمیایی بە کار هێنرا. عێراقیەکان گازی ژاراویان بە کار هێنا بۆ ئەوەی کە ئێرانیەکانی پێ بکوژن کە شارەکایان هێنابوە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. هەڵەبجە لە باکوری عێراق و لە نزیک مەرزی ئێراندایە. ئەو کوردە مەدەنیانەی کە لەوێدا تیا چون کەوتبونە نێوان دو جەبهەی شەرِەکەوە.

بەڵام داستانی راستەقینەی روداوەکە دواتر ئاشکراتر دەبێت. هەر خێرا بە دوای کوشتارەکە، تیمێکی سرِی لە وەزارەتی دیفاعی ئەمەریکا لیکۆلینەوەیان لە سەر ئیتیهاماتەکانی چۆنیەتی بە کار هاتنی گازی شیمیایی کرد و راپۆرتێکی ئێجگار سرِیان لە مەرِ نەتیجەی لێکۆلینەوەکانی خۆیان پێشکەش بە وەزارەتی دیفاع کرد. ئەو راپۆرتە لە لایەن سازمانی ئەمنیەتی ئەمەریکاوە خرا ناو ئەو دەستەبەندیەوە کە "پێویستە ئینسان ئەمە بزانێت". نەتیجەی لێکۆلینەوەکە تەئکیدی ئەوە دەکات کە ئەو گازە کە خەڵکی هەڵەبجەی کوشت، هی ئێران بو نەک هی عێراق!

سازمانی ئەمنیەت توانیبوی کەشفی ئەوە بکات کە هەر دو لا هەم ئێران و هەم عێراق، لەو کاتەدا گازی ژاراویان دژی یەکتر بە کار هێنا. بەڵام شێوەی کوژرانی کوردەکان بە وازیحی ئەوە نیشان دەدا کە ئەوان بە گازی خوێنی

[1] Professor der Kriegshochschule der Armee von 1988 bis 2003



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

(Blutgas) کوژرابون. گازێک کە لە سیانیدەوە سەرچاوەی گرتووە و دروست کراوە. ئەوە لە کاتی خۆیدا ناسراو بو کە ئێران لەو جۆرە گازانەی هەیە و بە کاری هێناون. رژیمی عێراق کە کوژرانی کوردەکان بە سەریاندا هێنراوە، گازی خەردلیان (Senfgas) لەو شوێنە بە کار هێنابو. تا ئەو کات بۆ کاس نەناسرابو کە عێراق گازی سیانید یا گازی خوێنی هەبێت.

ئەم ڕاستیانە ماوەیکی زۆرە کە ناسراون، بەڵام بە شیوەیکی سەرسوڕهێنەر هەر کاتێک باس لە روداوی هەڵەبجە دەکرێت، هیچ کەس باسی ڕاستیەکان ناکات. مەتلەبێکی زۆر جەنجالی لە مانگی مارسی[2] ڕابردو لە **NEW YORKER** هەمو ڕاپۆرتە ئاشکراکانی سازمانی ئەمنیەتی رەد دەکردەوە و دەیوت کە ئەوە گازی شیمیایی ئێران بو کە کوردەکانی کوشت. و ئەگەر کەسێک باسی ڕاپۆرتی سازمانی ئەمنیەت دەکات، دەلێن کە ئەم شتانە هەموی ناڕاستن و دەستکاری کراون و دەلێن کە ئەمەریکا لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق، لایەنی عێراقی گرتبو.

من لەم نوسراوەمدا بە تەمای ئەوە نیم کە روخساری ناشیرینی سەدام داپۆشم و گوناحەکانی بۆ بپۆشم. زۆر شت لە سەر بابەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بە ئاشکرا هەیە کە سەدام دەبێ وەڵامدەرەوەیان بێت. بەڵام ئەو بەوە تاوانبار بکرێت کە ئەو ویستویەتی خەڵکی ولاتەکەی خۆی لە هەڵابجە بکوژێت، ناڕاستە. هەمو مەعلوماتەکان ئەوە دەگەیێنن کە چەکی شیمیایی بەس لە کاتی شەڕەکاندا بە کار دەهێنران. ئەو بە کار هێنانی چەکی کۆمەڵکوژیە بە بۆنەی چۆنیەتی تراژیدیای شەڕەوە بو. ئەم دەعوایە بۆی هەیە کە ببێتە سەبەبی هەڵگیرسانی شەڕ لە عێراق، بەڵام ناتوانرێت دەعوای هەڵەبجە بۆ ئەم شەڕە برز بکرێتەوە.

هەمو ئەو کەسانەی پێیان وایە کە لە سەر مەوزوعی هەڵەبجە دەبێ هێرشی نیزامی بکرێتە سەر عێراق، دەبێ ئەم شتانەش لە بەر چاو بگرن: بۆچی بۆ ئێرانیەکان زۆر گرێنگ بو کە شاری هەڵەبجە داگیر بکەن؟ بە لێکۆلینەوەیکی باش لە سەر ئەم پرسیارە، دەتوانین تیشکێکیش بخەینە سەر ئەوەی کە هەدەفەکانی ئەمەریکا چیە بۆ ئەوەی کە دەی هەوێت هێرش بکاتە سەر عێراق.

هەمێشە بە بیری ئێمە دەهێنرێتەوە کە لەوانەیە لە ژێر خاکی عێراقدا گەورەترین زەخیرەی نەوتی جیهانی لێبێت. هەر وەها عێراق لە باری ستراتێژی مەنتەقەیی و جوگرافیایی و ژێئۆپۆلیتیکیشەوە زۆر گرنگە چونکە عێراق گەورەترین سیستەمی روباری لە هەمو مەنتەقەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە. بێجگە لە روبارەکانی دیجلە و فوڕات و تیگریس (ڕوباری ئەروەند) روبارەکانی زابی چکۆلە و زابی گەورە لە باکوری ئەو وڵاتەن. عێراق لە سەدەی شەشەمەوە هەم بەو سیستەمی ئاویەوە ناسراوە و هەم بە سیلۆی گەنم و دانی هەمو ناوچەکە دەناسرێت.

لە پێش شەڕی ئێران و عێراق، رژیمی عێراق چەند سیستەمەکی سەدی ئاوی زۆر گرنگی لە سەر روبارەکانی ئەو وڵاتە دروست کرد. گرنگترینی ئەو سەدە ئاوییانە، سەدی دەربەندیخانە کە لە کوردوستانی عێراق هەلکەوتوە. ئێرانیەکان هەڵەبجەیان گرت لە بەر ئەوەی کە کۆنترۆلیان بە سەر سەدی دەربەندیخاندا هەبێت. لە دەیەی نەوەدەکاندا زۆر جار لە سەر پرۆژەی خەتی لولەی ئاشتی[3] قسە و باس کراوە. کە دەبو ئاوی روبارەکانی عێراق (دیجلە و فورات و تیگریس) بە

[2] مانگی مارسی 2002
[3] ئەمە خەتی لولەی نەوت، گاز یا خۆ ئاو لە خۆ دەگرێت



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

وڵاتانی باشوری خەلیج بگەینرێت و لەوێشەوە بگەینرێتە وڵاتی ئیسرائیل. ئەم پرۆژە هەرگیز سەری نەگرت، لە بەر ئەوەی کە عێراق سەرپێچی دەکرد لە قەبوڵ کردنی وەها پرۆژەیێک. هەمو ئەم شتانە کاتێک دەتوانرێ بکرێت کە عێراق لە دەست ئەمەریکاییەکاندا بێت.
بەم شێوە ئەمەریکیەکان دەتوانن سەرنوێشت و داهاتوی هەمو رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەوەی کە دەیان ساڵە هەیە بگۆڕن. نەک تەنها لە بەر ئەوەی کە ئەمەریکاییەکان نەوتی عێراق بێننە ژێر کۆنترۆڵی خویان، بەڵکو بە تایبەت لە بەر ئەوە کە ئاوی عێراقیش کۆنترۆڵ بکەن. تەنەنەت ئەگەر بێت و ئەمەریکایەکان، عێراق بە شێوەی نیزامی داگیر نەکەن، بەڵکو بەس هەوڵی ئەوە بدەن کە قودرەت لە دەستی دیکتاتۆری عێراق و حیزبی بەعس دەر بێنن، هەر ئەمانە خۆیان بە تەنیا بەسن بۆ ئەوەی کە شیرکەتە عەزیمە نەوتیەکانی ئەمەریکا، قەراردادەای زۆر گەورە و هەرزان لە گەڵ رژیمی داهاتو و تازە بە قودرەت گەیشتووی عێراق ببەستن.

ئەوەی کە رژیمی بوش پێویستیەتی، ئەوەیە کە رای گشتی ئەمەریکا بۆ شەڕ ئامادە بکات، و هەمو ئەم شتانە دەلایلی حاشاهەڵنەگری شەڕێکی داسەپێنراون. بەلام هەمو ئەو دەڵیلانەی کە دەیهێننەوە، بۆ ئەوەی کە بە جۆرێک، بن لادن بە عێراقیەکانەوە گرێ بدەن، تێیدا سەرکەوتو نەبون. ئەو ئیدیعایانەش کە رژیمی عێراق هەڕەشە لە دراوسێکانی دەکات، نەی توانیوە تا ئێستا بەهانەی شەڕیان بۆ بڕەخسێنێت و دەنگی پێ نادرێت. هەروەها لە بەر ئەوەی کە ماندویی و تیکشکانە یەک بە دوا یەکەکانی ئەرتەشی عێراق و تەحریمە یەک بە دوا یەکەکانی شۆرای ئەمنیەتی سازمانی میللەتانی یەکگرتو، بۆ هەمو کەس دیارە و توانایی لە عێراق گرتووە. بەم پێشفەرزە، هێزە نیزامیە تێکشکاوەکانی عێراق لە حاڵی حازردا ناتوانن تەهدیدێک بن بۆ سەر هیچ وڵاتێک.

تۆ بڵەی دەڵیلی هێرش بۆ سەر عێراق، گرتن و موحاکمە کردنی سەدام بە تاوانی جینایەتی دژی بەشەری لە گەڵ خەڵکی وڵاتەکەی خۆی نەبێت کە ئێستا قەویترین و دەنگ پێدەر ترین دەلێلە لە لایەن رای گشتی ئەمەریکاوە؟ و لەم حالەتەدا دراماتیکترین دەڵیل کوشتاری خەڵکی هەڵەبجەیە.

پێش ئەوەی کە ئێمە لە سەر هەڵەبجە بچینە شەری وڵاتێکی تر، دەبی لە لایەن رژیمی ئەمەریکاوە هەمو راستیەکان بە خەڵکی ئەمەریکا و رای گشتی بکوترێن، ئەمە شتێکە کە دەولەت بە خەڵک قەرزدارە. ئەگەر بێت و دەوڵەتی ئەمەریکا دۆکومێنتی ئیسباتکردنی لە لا بێت کە لە شوێنەکانیتر ژەهری کۆمەڵکوژ دژی کوردەکان بە کار هێنراون، دەبێ ئاگادار بین برانین ئەو مەدرەکانە، ئەوانە نەبن کە دژی پارتیزانە کوردە ئێرانیە شۆرشگێرەکان، کە دژی رژیمی ئێران شەڕیان دەکرد، بە کار هێنرابون[4].

بۆچی ئێمە لکاوین بەس بە کارە قێزەونەکانی رژیمی سەدام حسینەوە، هەر چەندە کە دەوڵەتی ئەمەریکا تەنەنەت یەک دانە دەلیلی باوەڕ پێکراویش لەم بارەوە بە کەس نیشان نادات؟ بێجگە لەمە ئەو هەمو رژیمە دواکەوتو و مورتەجیعانە لە جیهاندا هەن کە تەنانەت لە لایەن واشنگتۆنەوە پشتیوانیشیان لێ دەکرێت! ئەی بۆ رێک سەدام حسین؟

[4] ... pro-iranische Guerillas der Kurden handelte, die auf Seiten der iranischen Revolutionsgardisten kämpften.



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

ڕۆژنامەی ئیندیپێندێنتی چاپی لەندەن لە بڕواری 24.12.2003 نوسی[5]:

ڕسواییکی تازە لە بارەی دۆنالد ڕامسفێلد دەلالی شەخسی ئەمەریکا و سەدام، دوێنێکە کەوتە بەر چاو. دۆکومێنتە نوێیەکان ئاشکرای دەکەن کە ڕامسفێلد لە ساڵی 1983دا سەفەرێکی بۆ عێراق کردبو، لە بەر ئەوەی کە پشتیوانی تەواوی دەوڵەتی ئەمەریکا بە عێراق ڕابگەێنێت. ڕامسفێلد لە بەغداد بێ ئیحتیاتانە بەکار هێنانی چەکی شیمیایی بە عێراق تەوسیە کردبو. دۆکومێنتە کۆنە سرڕیەکانی ئەو کات ئەمە دەڵێن کە وەزیری دیفاعی ئەمەریکا 20 ساڵ لە مەو بەر سەفەری کردوە بۆ بەغداد، لە بۆ ئەوەی کە ئیتمینان بە عێراق بدات، کە مەحکوم کردنی عێراق لە مەڕ بە کار هێنانی چەکی شیمیایی[6]، شتێکی فۆڕمالیتە و سروشتیە. بە واتایکی تر "ئارەزوی واشنگتۆن ئەمەیە، کە لە شەڕ بەرانبەر ئێراندا پشتیوانی لە عێراق دەکەن و هەمو ڕابیتەکان بە خواست و ویستی دەولەتی عێراق باشتر دەکەن، هەر بەم پێیەش ڕەخنەکانی دەولەتی ئەمەریکا لە عێراق هەموی فۆڕمالیتەن" ڕامسفێلد ئەمەی بە ئیتمینانەوە بە عێراق ڕاگەیاندبو.

کورتەێک لە سەر نوسەر:

پرۆفیسۆر شتێفن س. پێلێتیرە، تەحلیلگەری باڵای سیاسی سازمانی سیای ئەمەریکا و مەسئوڵی تەحلیلکردنی عێراق لە کاتی شەڕی ئێران و عێراقدا بو و هەروەها لە مەدرەسەی عالی شەڕ لە ئەرتەشی ئەمەریکا لە بەینی ساڵەکانی 1988 بۆ 2003 خزمەتی کردووە. ناوبراو هەروەها نوسەری کتێبێکە بە ناوی "عێراق و سیستەمی نەوتی نێونەتەوەیی، بۆچی ئەمەریکا خۆی بۆ شەڕ لە خەلیج ئامادە دەکات"[7].

Quelle des Originaltextes: http://www.commondreams.org/views03/0131-08.htm

Quelle der deutschen Übersetzung: http://www.biologie.de/biowiki/Diskussion:Halabdscha

Quelle des Geheimdienstberichtes: US Army War College: Iraqi Power and US Security in the Middle East. Februar 1990.

---

[5] The Independent, London, 24 December 2003

[6] ڕژیمی عێراق، هەر لە ئەوەڵەکانی شەڕ لە جەبهەکان بە دژی ئێران چەکی کۆمەڵکوژی بە کار دەهێنا. ئێران دواتر دەستی بەم چەکە گەیی. وەرگێڕ

[7] "Iraq and the International Oil System: Why America Went to War in the Gulf."



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com